www.kurdistannet.org
7-8-2003 23:40
مەهاباد قەرەداغی

# تۆ شاكاری. . من شاكارستان



## (بۆ شاكاری كچم)

سركترین ساتەكانم. . ئەو ڕۆژانە بوون
كە هەناوم ماڵت بوو!
زارۆكدانم خەلوەتگەت!
جووتێ دڵ بە سەرواى سەماى عەشق لە قوڵاییمدا
بە تاڵەژێیەكی ئاوریشمی. . دوو ژیانیان دەژەند!
گۆزەی پیرۆزەیی یەك جەستە. .
دوو ڕۆحی ئاو دەدا!
...
تەڕترین كەناری كیشوەری خەونی من كاتێ بوو
هەردووكمان دوو جۆگەی سازگاری تێكەڵ بووین،
لە یەك چاڤكانییەوە هەڵدەقوڵاین!
دوو تكە ئاونگی ڕوومەتی یەك گوڵ بووین. . بۆ هەتاو دەستراین!
...
گەشترین ڕووانینم دەمێ بوو
دەمزانی دوو چاوی یەدەكی تریشم تێدایە. .



خۆرئاسا سیناهی دەبەخشن بە نیگام!

تیشکانێ سەرتاپای بوونی نیشان دەدام!

...

بزێوترین ڕۆژم بوون ئەوانەی تیایاندا خانەخوێی جەستەم بووی!

خاوەنی هاژەهاژی ڕۆحم،

خووناوەی زێڕکەفتی عەشقم بووی!

دەبزوام. . دەبزوای

دەنووستم. . دەبزوای

دەخەنیم، . . دەبزوای!

دەگریام. . دەبزوای!

خەیاڵم بە پەنجەی هەستی تۆ ختووکەی دەهاتێ،

بزێوتر لە ڕۆحم دەبزوای!

. . .

ئێستاکە. . من و تۆ دوو جۆگەی تەرییین، جەستەمان لێک جیایە،

بەڵام هەر ئەوەندەی هەستم و نەستم و هەناسەم لێمەوە دووریت و. .

لە کوێ بم. . هەر دەنگی دڵی تۆم دەگاتێ!

لە کوێ بی. . ڕۆحی من لەوێیە

ڕووناکی مۆژدەی هەبوونی تۆی دەداتێ!

. . .

ساتێ بوو،

هەر تەنها چرکەیەک. .

چ ساتێ!!!

ئەو ساتە نەبووایە. . هەر لەناو کلێشەمدا دەمای

لە قوڵایی جەستەم، لە گەرمێنترینی ژووری پڕ ژیانی هەناوم !

دڵنیا دەبزوای!

ئاخ! (لەدایکبوون) نەبوایە. . بۆ هەتاهەتایە لەوێدا. .

هەرمێکەی دڵم وەک شەقشەقە و لەیستۆک بە تەنها بۆ تۆ بوو ترپەیان!

دڵنیا دەنووستم. . نەرم و نیان!

دڵنیا دەڕازای چوون زارۆی پەری و فریشتەکان!

. . .

لە هەر ساڵیادێکی بوونتدا

. . هەست دەکەم

دوورتری لە جەستەم. . نزیکتر لە ڕۆحم. . نزیکتر. .

نزیکتری لە خودی خۆم بۆ من!
شانزە وەرز مەودایە لە نێوان ئاوساکە و ئێستامان،
ئەوسای هاوجەستەیی و هاوگیانیی!
ئێستای دوو جەستەیی !
کەچی هەر نامەوێ و ناتەوێ. . باوەڕکەین دووانین و لەیەک جیاین!
هەر لەوێی. .
لە بنی بنەوەی سۆمایی چاوانمی!
هەر لەوێی. .
تەنانەت دوای پەرجووی دابڕان لە جەستەم، هەر لەوێی
لە ژووری ژوورەوەی سیکڵدانۆچکەمدای. . هەناسەم!
لەوساکە بەهێزتر لە ئامێزی ناخم دانیشتووی
بە هەرمێی پڕ ئەڤینی دڵم دەلەیزی!
. . .
لێگەڕێ. . بە ماچێ کە لە ماچی نەرمی خوا دەچێ
بشکێنم تینوێتیم. . دەزانم دوای تەنها یەک ساتێ
دووبارە تامەزرۆم!
دەزانم سەدبارە لە هەمان کەوسەری گۆنای خۆت، لێوانم تەڕ دەکەی!
چ پەرجوویەکە ئەم ڕووبارەی،
سۆز چاڤکانییەتی
لە ساتێکی بزێو. . ساتێکی نهێنی، دروست بوو،
بۆ ئەبەد ئەڤژەنی تیا دەکەی!
. . .
من بۆ تۆ. . نەک تەنها ئەوسای هاوجەستەیی. .
ئێستاکە ش. . وڵاتم. . . نیشتیمان!
بۆ هەردەم. . تۆ شاکارەکەمی و، منیش شاکارستان!
. . .

2003-7-26